# تیپی تێنسی

# یانەی هەڵەبجەی شەهید

رزگار بایز



زۆربەی وڵاتانی جیهان توانای ئەوەیان نییە بەشداریی لە کێبرکێ جیهانیەکاندا بکەن بە تایبەتی لە بواری وەرزش دا ، هەندێ کات یاریزانەکان لە ئاستێکدا نین لەنێو ئەستێرەکانی جیهاندا دەربکەون وهەندی وڵات یان شار یان شارۆچکە ناتوانن لە یاریە کۆمەڵییەکاندا ئاستێکی بە رچاو بۆخۆیان و ولاتەکەیان یان شارەکەیان دەستەبەر بکەن و هەندێ وڵاتیش هەن لە یاریە تاکەکاندا ناوبانگێکی تایبەتی خۆیان یان پێگەیەکی ڕیزبەندیان لەسەر ئاستی جیهان هەیە ، بۆ نمونە سویسرا لە هیچ یارییەکی دەستەجەمعیدا ناوبانگی نییە بەڵام لە یاری تاکی تێنسی سەرزەوی خاوەنی (ڕۆجەر فیدرەرە) کە پێشەنگی ئەستێرەکانی جیهانی تێنسی سەرزەویە.

( یوسین بۆڵت) ی جامایکی خێراترین یاریزانی راکردنی ١٠٠مەتر و ٢٠٠مەتری جیهانە کە ١٠مەتری بە لەسەدا ٩٥ سانیە بڕیەوە واتە بۆ ١٠مەتر کەمتر لە سانیەیەك.

لای هەمووان و بەتایبەتی لە نێو وەرزشکاراندا ئاشکرایە کە لە یارییە کۆمەڵییەکاندا هیچ کام لە سویسراو جامایکا خاوەنی هیچ نازناوێکی جیهانی نین بەڵام لە یاری تاکدا خاوەنی ئەو دوو ئەستێرەیەن، هەربۆیە ناوەرۆکی پەروایزی لاپەڕەکەم ئەم جارە تایبەت دەکەم بە شاری هەڵەبجەی شەهید، ئەو شارە بریندارەی لە وەرزشی کوردستان بێبەش نیە. هەرچەندە ئەنجامیکی ئەوتۆی نییە کە هاندەران و خەڵکی ناوچەکە ئاشنان بن پێی و شانازی پێوە بکەن ، بەڵام تیپی تێنسی سەرمێزی

شارو یانەی هەڵەبجەی شەهید پێگەی خۆی هەیە لە هەرێمی کوردستان و عیراقیشدا.

## ناسنامەی تیپی تێنسی یانەی هەڵەبجەی شەهید

لە ساڵی ٢٠٠٦ دا لەلایەن چەند گەنجێکەوە دامەزرا ، لە یەکەم پاڵەوانێتی تیپی تێنسدا لەساڵی ٢٠٠٦ دا بەشداریان کرد و توانیان ئاستێکی بەرچاو تۆمار بکەن و کارگێڕانی یانەی هەڵەبجەی شەهید و خەڵکی شارەکە سەرسام بکەن، هەرلەو ساڵەدا لە خولی یانەکانی عیراق بەشداریان کردو توانیان خۆیان بگەیننە ئاستی یانە پلە نایابەکانی عێراق، کە بۆیەکەم جار لە سەرئاستی عیراق قەزایەك تیپەکەی بۆ خولی پلە نایابەکان سەرکەوت ، ئەو تیپە ساڵ لە دوای ساڵ بەرەو پێشەوە دەچوو ، لە ساڵی ٢٠٠٧دا بەهۆی هاوکاریکردنی کارگیرانی یانەکەوە توانیان تیپی تێنسی کچان دروست بکەن، لە ساڵی ٢٠٠٧دا تیپی تێنسی کچانی یانەی هەڵەبجە تاکە تیپی شاری سلێمانی بوو کە بەشداریان لە پاڵەوانێنتی تێنسی سەرمێزی یانەکانی کوردستاندا کرد و توانییان پلەی پێنجەمی سەرجەم یانەکانی کوردستان مسۆگەر بکەن .

تیپی تێنسی (کوڕانی) یانەکە لە ساڵی ٢٠٠٨ دا شداریان لە پاڵەوانێتی یانەکانی عێراقدا کرد، دوای ئەوەی ڕکابەرییەکی زۆریان کرد تیپی کورانی یانەی هەڵەبجەی شەهید توانیان لە سەر ئاستی یانەکانی عێراق پلەی چوارەم بەدەستبهێنن، ئەو دەستکەوتەش لەسەر ئاستی عێراق بۆ هەڵەبجە کەم نەبوو. یانەی هەڵەبجە زۆر بایەخ بەو تیپە ئەدات و سەرجەم پێداویستیەکانی دابین دەکات و سەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستانیش هاوکاری و پاڵپشتی زۆری تیپەکەی کردووە. یاریزان شاخەوان جەمال یەکێك بوو لە دامەزرێنەرانی ئەو تیپە، ئێستاش سەرپەرشتیار و یاریزانی تیپەکەیە.

پێکهاتەی تیپی تێنسی سەرمێزی یانەی هەڵەبجە بریتین لە (سەلام ئەحمەد ڕاهێنەرو یاریزان و یاریزانان کارزان محمد و بەختیار عەبدولباقی و ڕێبین ئەحمەد).

بۆ وەرزی ئەم ساڵ لە خۆئامادەکردندان تا ئاستیکی باش بۆ هەڵەبجەی شەهید و شاری سلێمانی بەدەست بهێنن و بتوانن لە پاڵەوانێتی یانەکانی عەرەب بەشداری بکەن کە بڕیارە لە لوبنان ساز بدرێ.

